# چەند سەرنجێکی خێرا لە تەکنیکەکانی ڕۆمانی (ژانی گەل)ی مامۆستا برایم ئەحمەد

د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

باران

ئاب



لەم نووسینە کورتەدا هەوڵدەدەم بەخێرایی هەندێ لایەنی تەکنیکیی رۆمانی (ژانی گەل) بخەمەڕوو، بۆ دەرخستنی ئەوەی کە ژانری رۆمان لەم تێکستەی مامۆستا برایم ئەحمەدداو بەئەندازەیەکی زۆر ئامادەیە، دەتوانین وەك یەکێك لە داهێنانی رۆمانە هونەرییەکانی مێژووی کورتی رۆمانی کوردی چاوی لێبکەین.

مامۆستا برایم ئەحمەد بەگشتی لە رۆمانەکانیدا هەوڵیداوە تەکنیکە هونەرییەکانی رۆمان و گێڕانەوە بەکاربهێنێت، بەتایبەتی ئەمەی لەرۆمانی (ژانی گەل)دا کردووە، گێڕانەوە لەم رۆمانەدا گێڕانەوەیەکی تەقلیدی نییەو کە زەمەنی رووداوەکان بەدوای یەکدا بێن و زنجیرەیەکی مێژوویی رووداوەکان بخاتەڕوو، بەڵکو گێڕانەوە لەم رۆمانەدا شێوەیەکی لەولەبی- قوچەکی وەرگرتووە، بەو مانایەی لەخاڵێکەوە دەستپێدەکات، کە خاڵی سەرەتا نییە، بەڵکو خوێنەر لەدواییدا تێدەگاتو کە بەر لەو دەسپێکەی رۆمانەکە، رووداو گەلێکی زۆر هەن، کە دواتر رۆماننوس لەرێگەی تەکنیکی تری گێڕانەوەوە ئاشکرایان دەکات، بۆنموونە لە دەسپێکی رۆمانەکەدا باس لەو بارودۆخە تایبەتییە دەکات، کە (جوامێر)ی کارەکتەری سەرەکیی رۆمانەکە تیایدا دەژی و دەبێتە هۆی ئەوەی دوچاری گرتن و زیندانیکردن بێتەوە، بەچەشنێك سەرلەبەری ژیانی دەگۆڕێت.

لەسەرەتای رۆمانەکەدا جوامێر لە زیندان ئازاددەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، لەوێ رووبەڕووی کۆمەڵێ رووداوی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە، کە ئەو پێشتر لەزیندان بووەو ئاگاداری رووداوەکانی پێشوو نەبووە، یان هەواڵی ناڕاستیان لەسەر خێزان و مناڵەکی پێگەیاندووە، واتە لێرەدا پاش و پێشکردنێکی تەکنیکی لە رۆمانەکەدا هەیە، کە رۆماننوس ویستوویەتی تەکنیکی فلاش باك بەکاربهێنێت بۆ خستنەڕووی رووداوەکانی تر، واتە لەکۆتایی رووداوەکانەوە دەستپێدەکات، پاشان لەرێگەی فلاش باك و شەپۆلی هۆشەوە دەگەڕێتەوە بۆ رووداوەکانی پێشووەوتر. لەدواییدا ئەو رووداوانە دەگێڕێتەوە، کە لەساتەوەحتی خۆپیشاندانی بەردەرکی سەرا و زیندانیکردنیدا روودەدەن، کە جوامێر بەبێ خواستی خۆی و بێ ئەوەی مەبەستی بووبێت دەکەوێتە نێو خۆپیشاندەران و لەدواوەی خۆپیشاندەراندا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لەکاتی تەقەکردن و راوەدوونانیاندا، کاتێك خەڵکەکە بەرەو پاشەوە هەڵدێن، کاروانی خۆپیشاندانەکە پێچەوانە دەبێتەوەو جوامێر دەکەوێتە پێشی پێشەوەی خۆپیشاندەران و تەقەی بەردەکەوێت و بریندار دەبێت، بەمە جوامێر لەلای بەرپرسانی پۆلیس، دەبێت بە یەکێك لە پێشەنگانی خۆپیشاندەران و دەبێت بە رێکخەری خۆپیشاندانەکە، یان دەبێت بە رابەری خۆپیشاندانەکە، بێ ئەوەی خۆی ئاگای لەهیچ بێت، کە لە دواییدا بەپێی ئەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و زیندانی دەکرێت، لەکاتێکدا جوامێر خێزانە سکپڕەکەی لەماڵەوە بەجێدەهێڵێت و دەچێت بەدوای (پیرۆز خان)ی ماماندا، کە ناچار دەبێت بە سەرادا تێپەڕێت. ئەمە لەڕاستیدا بریتییە لە گرێچنی رۆمانەکە کە لەتەك فلاش باك و شەپۆلی هۆشدا هاوسەنگییەك بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان دروستدەکات، دواتر خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت رووداوەکان پێکەوە گرێبداتەوەو مەبەستەکانی لەلادا ئاشکرا بێت.

ئەم گرێ هونەرییە لەسەرتای رۆمانەکەوە، تا کۆتایی لەلای خوێنەردا دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی راستیی روداوەکانی لەلادا روندەبێتەوە، ئەمە لەراستیدا یەکێکە لە تەکنیکە سەرنجڕاکێشەکانی رۆرمانی ژانی گەل، چونکە پێشتر لەزینداندا بەشێوەیەکی تر واقیعی دەرەوەی زیندانیان بۆ جوامێر خستۆتەڕوو، کاتێك لەزیندان دەردەچێت واقیعێکی پێچەوانە




دەبینێت، ئەمە هەر لەلای پاڵەوانی سەرەکی شۆك دروستناکات، بەڵکو لەلای خوێنەری شۆك دروستدەکات، بەجۆرێك تەشویق دەخاتە نێو کردەی خوێندنەوەکەوە. ئەمانەو جگە لە بایەخدان بە شوێنکات لە رۆمانەکەدا، واتە وەسفکردنی شوێن لە پەیوەستیدا بە زەمەنی رووداوەکەوە، بۆ نموونە ئەو کاتەی جوامێر لەماڵەوەیەو موراعاتی کاڵێی خێزانی دەکات، کە لەدۆخی مناڵبوون نزیك بۆتەوە، بەجۆرێکی جیاواز شوێنکات دەردەخات بە بەراورد لەگەڵ ئەو ساتەوەختەی جوامێر دێتەدەرێ بۆ گەڕان بەدوای ماڵی مامانەکەدا، کە رووبەڕووی تەقینەوەیەکی جەماوەری دەبێتەوە، ئەم بێخواستی خۆی دەبێت بە پێشەنگی خۆپیشاندەران و لە دەسترێژێکی گوللەدا بریندارەبێت، کاتێکیش زیندانی دەکرێت، وەسفێکی دیکە بۆ چوارچێوەدارکردنی شوێن دەخوێنینەوە، کە وەسفی ئەم شوێنە تایبەتییە تێکەڵدەکات بە دوو زەمەنی جیاواز، یەکێکیان زەمەنی رۆمانەکە خۆیەتی، کە جوامێر لە هەلومەرجەکانی نێو زینددانادا دەژی، ئەویتریان زەمەنی گێڕانەوەی رووداوەکانی رابردووە کە لەراستیدا زەمەنێکی وەهمیی خوڵقێنراوە، چونکە نە کاڵێ لە ژیاندا ماوەو نە کوڕەکیشی گەورە بووەو بگرە ئەویش لەتەك داکیدا دەمرێت. کاتێکیش لە زیندان دەردەچێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی، شار بەجۆرێکی تر دەبینێت، واتە لێرەدا شوێن و زەمەن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، کە لێرەدا شوێنکات بەشێوەی تەکنیکی رۆمانئامێز بەکار هاتووە.

هەروەها زەمەنی دەرەکی و زەمەنی ناوەکی، زەمەنی دەرەکی ئەو ساتەوەختەیە کە رۆماننوس تێکستەکەی تیا دەنوسێت لەتەك لەچاپدانی رۆمانەکەو خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەران لەشوێن و زەمەنی جیاوازدا، بەڵام زەمەنی ناوەکی ئەو زەمەنانەن، کە لەمیانی کارەکتەری سەرەکییەوە لەنێو رووداوەکاندا دەردەخرێن، بۆ نموونە زەمەنی زیندان، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆ پیشاندانی زەمەنی رابردوو و ساتەوەختی ژانگرتنی کاڵێ و خۆپیشاندانی سەرا و زەمەنەکانە تر.

ئەم رۆمانە تا ئەندازەیەکی زۆر مێژووی بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی رووداوەکان، واتە لەتەك بەکارهێنان و تەوزیفکردنی خەیاڵ لە رۆمانەکەدا، هەندێ لایەنی واقیعی مێژوویی خستۆتەڕوو کە لەپەنجاکانی سەدەی بیستەمدا باو بوون، لەشێوەی خەباتی سیاسیی پارتە کوردییەکان و خەباتی پێشمەرگایەتی و دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە.

تۆدۆرۆڤی رەخنەگری ناوداری فەرەنسی پێیوایە هەمو رۆمانێك بریتییە لە دەرخستنی لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، ئەو دەڵێ هەمو رۆمانێك





بەبێ جیاوازی بریتییە لە سۆسیۆمێژوویی، لێرەوە ئەم رۆمانەی مامۆستا برایم ئەحمەدیش بریتییە لە دەرخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی میللەتی کورد لە سەردەمێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی جیاوازدا.

رەگەزێکی تری تەکنیکیی ئەم رۆمانە بریتییە لە بەکارهێنانی وەسف، لێرەدا رۆماننوس ئاگاداری ئەوەیە، کە رەگەزی وەسف لە پەیوەندیدا بە رووداو، چەندە گرنگە، دەبینین وەسفی دەرەکی و وەسفی ناوەکی و وەسفی شوێن بایەخێکی هونەرییان پێدراوە، بەو پێیەی لە وەسفی دەرەکیدا وەسفی شوێنەکەو پێکهاتەکانی شوێن دەکات، کە ئەم لایەنە بۆ رووداو زۆر پێویستە، لە وەسفی ناوەکیشدا رۆماننوس وەسفی کێشەکانی کارەکتەرو ناخی کارەکتەر دەکات، ئەمیش بۆ دەرخستنی هەندێ وردەکاریی رووداوەکان زۆر پێویستن، بەڵام ئەم وەسفانە لەهەندێ حاڵەتدا چیرۆکبێژی هەمووشتزانمان بۆ ئاشکرادەکات، واتە ئەگەرچی گێڕانەوە لەم رۆمانەدا تەقلیدی نییە، بەڵام چیرۆکبێژ (راوی یان گێڕەرەوە) چیرۆکبێژێکی تەقلیدییە بەو پێیەی چیرۆکبێژێکی هەمووشتزانەو ئاگاداری وردەکارییەکانی سەرجەم رووداوەکانەو بگرە ناخی کارەکتەرەکانیش دەزانێت.

خاڵێکی گرنگ لەم رۆمانەدا بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنیکی نامە، یان تەکنیکی نامەگۆڕینەوە، لەو رێگەیەوە هەندێ لە رووداوەکان دەگێڕدرێنەوە، لەرێگەی نامەگۆڕینەوەی نێوان (لاوە) و (جوامێر)دا کە لەزیندانە هەندێ رووداوی تر دەخوێنینەوە، بەڵام دواتر کە جوامێر لە زیندان ئازاددەکرێت، خوێنەر لەئاستی راستیی رووداوەکاندا دوچاری رامان و حەپەسان دەکات و وردە وردە گرێی رۆمانەکە دەکرێتەوە.

نامەکانی لاوەی کوڕی مامی جوامێر هەمووی هەواڵی ناڕاستی

**لەسەرەتای رۆمانەکەدا جوامێر لە زیندان ئازاددەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، لەوێ رووبەڕووی کۆمەڵێ رووداوی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە، کە ئەو پێشتر لەزیندان بووەو ئاگاداری رووداوەکانی پێشوو نەبووە، یان هەواڵی ناڕاستیان لەسەر خێزان و مناڵەکی پێگەیاندووە، واتە لێرەدا پاش و پێشکردنێکی تەکنیکی لە رۆمانەکەدا هەیە، کە رۆماننوس ویستوویەتی تەکنیکی فلاش باك بەکاربهێنێت بۆ خستنەڕووی رووداوەکانی تر**

تیابێت، بەڵکو لەنامەکاندا باسی بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەی کوردستانی بۆ دەکات و لە رووداوە سیاسی و حیزبییەکان ئاگاداری دەکاتەوە، لە کۆتاییشدا کاتێك جوامێر ئازاد دەکرێت و حەقیقەتی ژیانی خۆی و ژیانی سیاسیی وڵاتەکەی بۆ دەردەکەوێ، کاتێك بۆی دەردەکەوێت ژن و مناڵەکەی لە ژیاندا نەماون و هەر لەساتەوەختی بەجێهێشتنیان و گەڕان بەدوای ماماندا، کاڵێی خێزانی و کۆرپەکەیشی گیانیان لەدەست داوە، ئیتر لەدوای ئەوە دەچێتە نێو ژیانی سیاسییەوە، لەرێگەی لاوەی ئامۆزای، هەروەها هاوڕێکانیدا وەك هێمن و شاهۆ و کاوە، دەرك بە واقیعی سیاسیی وڵاتەکەی دەکات و ئاشنای خەباتی پارتە سیاسییە کوردییەکان دەبێت، لەدواییدا پەیوەندی بەلایەنێکەوە دەکات، کە لە رۆمانەکەدا بە (ل.ن.أ) ئاماژەی بۆ کراوە، پێدەچێت ئەمە کورتکراوەی (لەشکری نیشتمانیی ئازادیخواز) بێت، نەریمان حەسەن رۆڵێکی



**برایم ئەحمەد**

بەرچاوی لەپێشخستنی هوشیاریی سیاسیی جوامێردا هەیە، بەڵام بێگومان ڕۆماننووس ناوی هیچ حیزبێکی دیاریکراو ناهێنێت.

وەنەبێ پێشتریش جوامێر کەسێکی ناهوشیارو بێئاگا بووبێت لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو ڕۆشنبیرێکی هۆشیاربووە بەرامبەر بەلایەنی چینایەتیی کۆمەڵگە، چونکە لەلایەك هەم خۆی کتێبخانەی لەماڵەدا هەبووە، هەم هەوڵیشیداوە کتێبخانەیەك لەنێو شاردا دابنێت، ئەمە بایەخی کتێب و خوێندنەوە هوشیاری لە زەینی جوامێردا دەردەخات، لەلایەنی چینایەتیشدا بیرکردنەوەی جوامێر بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتووە، چونکە لەسەردەمێکدا جوامێر حەزی کردووە (ئاسکۆڵ)ی ئامۆزای بخوازێت، بەڵام بۆی دەردەکەوێت کە دایکی ئاسکۆڵ لەڕووی چینایەتییەوە دەیەوێت ئاسکۆڵ بە کەسێکی دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایە بدات بەو پێیەی خۆیشیان خاوەن سەرمایەن، ئیدی جوامێر پتر مەیلی بۆ کاڵێ دەبێت، کە کچێکی هەژارەو باوکی بەدەستی حکومەت شەهید بووە، دواجار لەگەڵ کاڵێ هاوسەرگیری دەکات.

لێرەدا ئەم بارودۆخە (کە پێدەچێت باسی ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بکات) تێکەڵ بە هوشیاریی سیاسی و هوشیاریی نەتەوەیی دەکات لەمیانی باسکردنی ڕزگاریی کوردستان، لەتەك ئەمەدا دەرك بە هۆشیاریی تاکەکەسیش دەکرێت، هەم هۆشیاریی سیاسی و هەم هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و کولتووری، بۆ نموونە کاتێك کاڵێ لە کاتی سکپڕیدا بە جوامێر دەڵێ چەند حەزدەکەم کوڕێکمان ببێ، بەو پێیەی کاڵێ وادەزانێ جوامێر حەز دەکات کوڕیان ببێ نەك کچ، بەڵام جوامێر وەڵامی کاڵێ بەشێوەیەکی هوشیارانە دەداتەوەو پێیدەڵێ نەخێر کاڵێ گیان کچمان ببێ، یان کوڕ فەرق ناکات و جیاوازی نییە لەنێوان کچ و کوڕدا، گرنگ ئەوەیە کەسێکی هەشیارو نیشتیمانپەروەر بێت. ئیدی ڕۆمانەکە پڕە لەو هوشیارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییانەی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە وردە وردە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا شکڵی گرتووەو لەساتەوەختی ڕۆمانەکەشدا بیری ناسیونالیستی و بیری چەپڕەوی پێکەوە گەشە دەکەن.

وەنەبێ سەرانسەری ڕۆمانەکە بریتی بێت لە پیشاندانی لایەنی پۆزەتیڤ و دەرخستنی تەنها لایەنی چاك و کارەکتەری ئیجابی، بەڵکو لەم ڕۆمانە، تەنانەت لە ڕۆمانی (کوێرەوەری) و (دڕك و گوڵ)یشدا، ڕۆمان خاڵی نییە لە لایەنی نێگەتیڤ و دەرخستنی لایەنە سەلبییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ململانێی و ناکۆکیی ڕەگەزی باش و ڕەگەزی خراپ، هەروەك ڕۆمانەکە خاڵی نییە لە کارەکتەری نێگەتیڤ و کەسانی ناپاك و سەلبی، واتە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی ژانی گەل هەر هەموویان کەسایەتیی باش و کەسایەتیی شۆڕشگێڕ نین، بەڵکو لەتەك کارەکتەری ئیجابیدا کارەکتەری سەلبییش بەرجەستەدەکات بۆ زەقکردنەوەی پتری ململانێکان، ئیدی کەسانی بودەڵە و ترسنۆك و کەسایەتیی زۆر خراپ دێنە نێو ڕۆمانەکەو پانتاییەکی زۆریش دەگرن و دەبن بە بەشێك لە دروستکردنی ڕووداوەکان.

بۆ نموونە کەسایەتیی تۆفیقە خڕە، کە کەسێکی سیخوڕەو ڕاپۆرت لەسەر شۆڕشگێڕەکان دەنووسێت و دەیدات بە دەسەڵاتداران و لە جموجوڵەکانیان ئاگاداریان دەکاتەوە، بەهۆیەوە ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕەکان دەگیرێن و زیندانی دەکرێن، ئەمە دەرخستنی لایەنی باش و لایەنی خراپی نێو کۆمەڵگەی کوردییە، بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردی و کەسایەتیی کوردیش خاڵی نین لە کەسانی خائین و بودەڵەو خۆفرۆش.